APIKUR

17ی تشرینی دووەمی 2023

## کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور)

## راگەیێندراوێک لەبارەی دانوستانەکانی حکومەتی فێدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان

### خاڵە گرنگەکان:

- ئەپیکور گفتوگۆکانی نێوان بەرپرسانی حکومەتی فێدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەنگاوێکی گرنگ و ئەرێنی بە ئاراستەی دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت دەزانێت.

- ئەندامانی ئەپیکور مەرجەکانی بۆ دەستپێکردنەوەی تەواوەتی هەناردەی نەوت خستوونەتەڕوو و پابەندە بە چارەسەر کێشە هەڵواسراوەکان.

- گرێبەستە هاوبەشەکانی بەرهەمهێنان وەک خۆیان کارپێکراو دەمێننەوە و لەلایەن دادگای ئینگلیزەوە بەڕێوەدەبرێن، هەر ناکۆکییەک لەرێگەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لەندەن چارەسەر دەکرێت.

ئەپیکور گفتوگۆکانی نێوان بەرپرسانی حکومەتی فێدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەنگاوێکی گرنگ و ئەرێنی بە ئاراستەی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیاوە دەزانێت.
نوێنەرانی کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور بانگهێشت نەکراون و هیچ پەیوەندییەکی فەرمیشیان پێنەگەیشتووە لەبارەی دەرئەنجامی کۆبوونەوەکانی نێوان بەرپرسانی حکومەتی فێدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان .

ئەندامانی ئەپیکور ئەم مەرجانەی خوارەوەیان بۆ دەستپێکردنەوەی تەواوەتی، بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت خستوونەتەڕوو:

هەرجۆرە زیادکردن و گۆڕانکارییەک پێویستە بە رەزامەندی حکومەتی فێدراڵ، حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور بێت.

- پێویستە دڵنیاییە هەبێت لەبارەی پارەی هەناردەی رابردوو و بۆ داهاتووش.
- پێویستە پارەی فرۆشی نەوتی کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور راستەوخۆ بدرێتە کۆمپانیاکان.
- پێویستە رێککەوتن و شێوازی ئێستای بازرگانی و ئابووری کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور وەک خۆی بمێنێتەوە .

ئەپیکور پابەندە بە چارەسەرکردنی خێرای کێشەکان بۆ دەستپێکردنەوەی تەواوەتی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیاوە، ئەمەش لەبەرژەوەندی هەموو لایەنەکان و خەڵکی عێراقە .
بەهۆی بڕیاری راگرتنی هەناردەی نەوت لە ئاداری ئەمساڵەوە قەبارەی زیانەکان بۆ زیاتر لە 7 ملیار دۆلار بەربوونەتەوە. حکومەتی فێدراڵی عێراق بەهۆی جێبەجێنەکردنی پابەندییەکانی بە رێککەوتنی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا رۆژانە زیاتر لە 1 ملیۆن دۆلار سزا دەدرێت.

**-کۆتایی-**

## دەربارەی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان:

ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکان سازدەکەن لەپێناو رەخساندنی هەلێک بۆ نیشاندانی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکانیان لە بواری پیشەسازی. کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کۆمپانیایەکی سنووردارە بەپێی یاسای ئینگلیز دامەزراوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

**بۆ پرسیاری میدیایی:**
مایلز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk

**واتسئاپ:** +1-254-371-5704
کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس(X): @apikur_oil